# بانکی ناوەندی ئێران: لەماماڵە بازرگانییەکان لەگەڵ عێراق دراوی نیشتمانی بەکاردێنین

پارێزگاری بانکی ناوەندی ئێران رایگەیاند، لە ڕەگەی پێژیاسایەکەوە کە لەلایەن بانکی ناوەندیەوە پێداچونەوەی بە کراوە، تەمەنی ئێرانی بە بازرگانەکانی سنوری عێراق و ئێفغانستان دابین دەکرێت بە ئەوەی دراوی بیانی لە ماماڵەکانیاندا بەکانهێنن.

ئاژانسی هەواڵی "فارس"ی ئێرانی لە زاری محەمەد ڕەزا فەرزینی پارێزگاری بانکی ناوەندی ئێرانەوە بڵاویکردەوە، پرسی یەکلاییکردنەوەی هێناردەکانی ئێران بەبەکارهێنانی دراوی تەمەن لە دەرەوەی سنور لەلایەن بانکی ناوەندیەوە توێژینەوە لەسەر دەکرێت، ئەگەر بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە خواستی عێراق و ئێفغانستان دابین دەکات.

ئاماژەی بۆشکرد، ئەو پرسە لەسەر داوکاری بازرگانەکانی ئەفغانستان خراوەتە بواری توژینەوە، بەجیبەجیکردنیشی بازرگانەکانی سنوری ئێران پێویستیان بە دراوی بیانی نابێت

ئەوەشی خستەو، لیستی پێژەیاسای تمەنی دەرەوەی سنور لەلایەن بانکی ناوەندی ئێرانەوە پەداچونەوەی بە کراوە و بەم زوانە نوسراوی تایبەت بە رەنماییەکانی ئەو پێژە یاسایە ئاڕاستەی هەمو بانکە ئێرانییەکان دەکرێت.